# باوكم

سەردار عەزیز

باوک مرۆڤێکە، پەیوەندیکردن لەگەڵیا یەکەم پەیوەندی دەسەڵاتە. بۆیە ئەتوانرێت بوترێت باوک ناوی شێوازێکە لە دەسەڵات. دەسەڵات بە هەموو توخمەکانیەوە؛ ناونان، چاودێریکردن، ترساندن، ئازاردان، ئامۆژگاریکردن، هەردەم ئامادەبوون، چەندی تریش. مەترسی ئەم دەسەڵاتە لەوەدایە کە لە پشتیەوە ئایدەلۆژیایەک هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخێکی خۆرسکدایە، بەتایبەت لای باوکی کورد. دۆخێک کە بە پرسیارکردن و بەراوردکاری و گومان ئاشنانیە. ئەم ئایدەلۆژیایە بریتیە لەو خەیاڵەی کە لە خەیاڵداندایە، خەیاڵێک کە وێنەی کوری تیایە کە دەبێ چۆن بێت، چی بکات، ببێ بە چی، چۆن پەیوەندیبکات، ئارەزوی چی بکات. بەکورتی دەسەڵاتێکە بە سەر ژیاندا. دەتوانرێت بە ئاسانی بوترێت یەکەم تاقیکردنەوەی بایودەسەڵاتە؛ دەسەڵات بە سەر ژیاندا بە گشت رەهەندەکانیەوە. هەر گواستنەوەی ئەم دەسەڵاتەیە بۆ حکومەت دەبێتە بابەتی ئەو کۆمەڵە وانەیەی کە فۆکۆ لە کولیج دی فرانس لە 17 ئازاری ساڵی حەفتاو شەش گوتیەوە.

باوکم کوردە. کوردیش نەتەوەیەکە کە بە توخمەکانی شارستانی ئاشنا نیە. کوردوستان زیاتر لە هەموو جێگایەکی تر لە دونیادا سەرزەمینی جەنگەکانە. ئێمە بە هەموو جۆرە شەڕێ ئاشناین لە هەمانکاتدا بە هەموو ئاشتیەک نامۆین. هەرئەمە وەهایکردوە لە مێژووی ئێمەدا دوو شت ئامادەیی هەبێ؛ یەکەمیان سروشت ئەویتریشیان شەر. بۆیە ئێمە مێژوو بە ژمارە دیاریناکەین بەڵکو هەردەم بە دیاریدەکانیەوە ئەبەستینەوە. دیاریدەکانیش؛ هەمیشە لە دیاریدە سروشتیەکان و جەنگەکان بەدەرنین. دیارە جەنگەکان بواری ئەوەی نەداوین لە سروشت جیابینەوە، لە هەمانکاتدا جەنگەکان لە نێوان ئێمەو مرۆڤەکانی تردا بەربەست و ترسی دروستکردوە. کاتێک ئێمە دەڵێین تەنها چیاکان دۆستمانن، نیشانەی ئەوەن کە ئێمە لە گەڵ ئەویتری دوژمندا لە پەیوەندیدا نەبووین، بۆیە لە دونیاکەی تێناگەین. (ئەمە دەکرێ بکرێتە بابەتی ستونێکی تر). ژیان لە گەڵ سروشتدا و لە نێو جەنگاکاندا دونیابینیەک ئەخولقێنێ کە دونیابینی ئێمەیە بەڵام هێشتا بیرمان لێنەکردوەتەوە. ئەدەبی ئێمە، هەتا ئێستاش، هەر ئەم دوو توخمە بەسەریا زاڵە. ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین.

بۆیە ئەگەر باوکم کوردبێت ئەوا لە هەمانکاتدا پیاوێکی سروشتیە. ئەم تێزە تێروانینێکی قوڵی فەلسەفیانەی دەوێ، بەتایبەت خوێندنەوەی بیری رۆژئاوا پێش دیکارت رەنگە یارمەتیدەربێت. ئەوروپیەکان هەردەم ئەوانی تریان بە بەشێک لە سروشت داناوە، بۆیە کە زێدی خۆیان بەجێهێشت قسەکەی دیکارتیان لە خەیاڵدابوو، دەبێ بە سەر سروشتدا زاڵبین، بۆیە بیبەزەییانە لە هەرکوێ مرۆڤە نارۆژئاواییەکان بوبنە بەربەست قەلاچۆیانکردوون. ئەم تێروانینە دیکارتیە لە دیکارتەوە دەست پێناکات بەڵکو ئامادیی تەنانەت لە کەلتورە رۆژهەڵاتیەکانیشدا هەیە. بۆنموونە ئافرەت سروشتی ترین بونەوەرە لە کۆمەڵگای کوردیا، بۆیە هەردەم مایەی ترسە، مایەی گومانە، بە لاواز تەماشا ئەکرێت، دەبێ خۆشەبکرێت، تایبەت بکرێت. داپۆشینی ئافرەت هیچ نیە جگە لە تایبەت کردن، تایبەتکردنیش هیچ نیە جگە لە بە موڵککردن نەبێت. بە موڵکبوون کۆیلەیەتیە و کۆیلەیەتیش کۆتایی بە مرۆڤبوونە. من لێرەدا مەبەستم لە سروشت بوون ئەوەیە کە ئێمە بیرکردنەوەمان تا ئاستی پێکەوە گونجانە نەک گۆران یان کۆنترۆل. سایکی ئێمە و جۆری پەیوەندیکردنی ئێمە لە گەڵ ئەوانی تر و شتەکاندا پەیوەندیەکی سروشتیە. پەیوەندیەکە تاک رەهەند، سادە، خیرا خراپ ئەبێت هەرزوو چاک ئەبێتەوە. هەتا لە نێو پارتە سیاسیەکانشمانا شەرەکان و ئاشتبوونەوەکان نابنە مایەی بیرکردنەوە و تێرامان بەڵکو سەرهەڵئەدەن و دائەمرکێنەوە وەک چۆن لافاو دێت و دەروا.

من کوری باوکمم. کوروباوک هەمیشە بابەتی بیرکردنەوە و ئەدەب بووە. رەنگە ئەم پەیوەندیە کۆنترین و ئاڵۆزترین پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان بێت. هەر لە ئۆدیپۆسی سۆفیکلیسەوە هەتا فرۆید و رۆمانە ناسراوەکەی تۆرگینێڤ. زۆربەی ئەدیبانی دونیا باسیان لەم پەیوەندیەکردوە، لە هەمانکاتدا دەقی جوانیان دەربارەی نوسیوە. بەڵام وەک زۆرشتی تر لە ئەدەبیاتی ئێمەدا وونە. نایپۆل نامەی بۆ ئەنوسێت و دەیەوێ خەونەکەی بێنێتە دی، باوکی نایپۆل پەیامنێری گاردیان بوو هەموو خەونی ئەوەبوو رۆمان بنووسێ، بەڵام نایپۆل ئەو خەونە بۆ هێنایە دی. هەروەها بۆرخس، هەرچەندە بۆرخس رۆمانی نەنووسی بەڵام ژمارەیە چیرۆکی بێوێنەی نووسی. پەیوەندی لە گەڵ باوکدا هەرگیز پەیوەندیەکی سادەنیە. رەنگە ناسراوترین پەیوەندی پەیوەندی کافکایانە بێت. لە نێوکورددا ئەدەبی شێرزاد حەسەن ئەچێتە ئەم خانەیەوە، شایانی باسە ئەو تەنها نووسەری کوردە کە بابەتەکانی ناو ماڵ ناو ناخی مرۆڤی کوردی کردوەتە گرێی نوسینەکانی، رەنگە لە بەر زانینی زمانی ئینگلیزی و ئاشنابوون لە گەڵ دەقەکانی لۆرانسدا. باوک بوون لە کەلتوری ئێمەدا ئەوکاتە دەبێتە رۆڵێکی سەرکەوتو کە بتوانێ کورەکەی وەک خۆی گەورەبکات. کور هیچ نیە جگە لە درێژە پێدانی باوک. ئەم تێگەشتنەیە هەردەم لە خێزاندا تراژیدیا ئەخولقێنێ.

مێژووی لە دایک بوونی ئەو ئەفسانەییانەیە. باوک وەک هەموو شێوازێکی دەسەڵات پێوسیتی بە خولقاندنی ئەفسانەیە. لە دەقی نۆمادۆلۆجیا دۆلۆز و گیتاری باسی ئەم مەسەلەیە ئەکەن؛ بە تایبەتی کاتێک لە سەر چەمکەکانی جۆرج دومیزیک قسەئەکەن. کافکا کە باسی باوکی ئەکات باس لەوەئەکات کە ئەو کەسێک بووە، بروای وەهابووە کە ئەگەر ئەو نەبێ هەموو ئەندامانی خێزانەکەی رەنگە لە برسا بمرن. باوکیشم هەروەها ئەفسانەی خۆی هەیە. دەڵێن لەو ساڵەدا کە باوکم هاتە دونیاوە، بەفرێکی سور باری. بەفر چۆن لە سپیەوە بوو بە سوور چیرۆکێکی درێژە. چەند ساڵێکی کەم پاش تەواوبوونی جەنگ؛ جەنگی جیهانی دووەم، پاش روخانی کۆماری مهاباد، لە گەرمیان لە باوکێکی سۆفی و لە دایکێکی خواپەرست باوکم دێتە دونیاوە. هەرچەندە کورد لە گەڵ جەنگی جیهانی دووەمدا بەشێوەیەکی لاوازو وەک هەمیشە خراپ تێگەشتوو خەیاڵ پڵاوانە پەیوەندیداربوو، بەڵام ئەوە نەبوو لەو جەنگە تێگەشتبێت. لە مێژوی خێزانی ئێمەدا ئەو جەنگە رووینەداوە، هەرگیز باس نەکراوە، کەس گوێی لە دەنگی تۆپ و ناپاڵمەکان نەبووە، کەس هیچ دەربارەی هۆلۆکۆست نازانێ. داستانی سیخوریەکەی رەمزی نافیع و هات و هەرای ئەڵمان کوردیەکانی هەولێر گەواهی ئەوەن کە ئێمە، وەک نەتەوەیەک ئەگەر پەیوەندیشمان هەبووبێت ئەوا لەگەڵ لایەنی خراپی جەنگدابووین کە ئەڵمانەکانن. رەنگە ئەفسانەی ئاری بوون بۆ ئێمە وەک موژدەی رزگاری بوبێت، وەک چۆن ئەمرۆ وائەزانین ئەوەی پێی دەڵێن دیموکراسی دەرمانی هەموو دەردەکانی ئێمەیە.

باوکم سێهەم کوری ئەو سۆفیە بەدبەختەبوو کە بەدەست ئاغا جەللادەکانی گەرمیانەوە وەک قەرەجی لێهاتبوو. کوری یەکەم هێشتا لە تافی لاوی دابوو بە دەستی زەعیم سدیق کوژرا، کوری دووەم سورکەڵەیەکی بچکۆلەی هەردەم تورەیە، سێەمیان باوکمە. باوکم لەشێکی پڕ لە تووک و جوتێ چاوی قاوەی بچکۆلە و کۆمەڵی دانی جوانی هەیە. لە روومەتیا نهێنیەکی حەشارداوە، تەنها ئافرەتی دڵناسک پەی پێئەبات. هەرچەندە ئەو کاتێک مەسەلە دێتە سەر ئافرەت زۆر سۆفۆکلیسیانە بیرئەکاتەوە. (من خەمی کچەکانمە لەگەڵ ژیاندا دابمەزرێن، کورەکان خۆیان دەبێ ئاگایان لەخۆیان بێت). ئەو نهێنیە تۆزێک لە روومەتی منیشدا هەیە، بۆیە ئافرەت جارجارێ دڵفراوانە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ ئەکەن. چەند ساڵێک لەمەوپێش، چێشتەنگایە درەنگ، لە نۆرماندی، ئەو سەرزەمینەی کە خوێناویترین و ناسراوترین جەنگی ئەم سەردەمەی تیارویدا، من لەو شارەدا بە تەنها بە دوای بەندرەکەدا ئەگەرام. چونکە فەرەنسیم نە ئەزانی کەس وەڵامی نە ئەدامەوە. هەتا ئافرەتێ دڵناسک خستمیە قەمەرە

خنجیلانەکەی خۆی و هەتا بەندەرەکەی بردم. نە من ئەزانم ئەو کێبوو نە ئەو نەیئەزانێ من کێم، رەنگە زۆرشت بە رێکەوت روو‌بدات، بەڵام هەرگیز ئەوە رێک ناکەوێتەوە ئێمە جارێکی تر یەکتری ببینینەوە.
من گەورە ئەبم و ئەویش گەورە ئەبێت، لە نێوان و من و ئەودا سی و سێ ساڵ لە جودایی تەمەن هەیە. سی ساڵ تەمەنی نەوەیەکە. ئەو سەربەنەوەیەکە پێش من. هەرچەندە بە هاتنی قاسم ئیتر باپیرم جێگیربوو بەڵام باوکم دەرفەتی ئەوەی نەبووە بچێتە بەرخوێندن. من زۆرجار بیرلەوە ئەکەمەوە ئەگەر ئەو بهاتایە بە ووشە ئاشنابوایە دەبوایە کەسێکی چۆن بوایە. بێگومان دەیخوێندەوە، ئەو ئێستاکەش کە نەخوێندەوارە بە ناوو و شیعرەکانی قانیع و حاجی قادر ئاشنایە. باوکم لە گەڵ بێدەنگیدا هاورێیە. تا مووی رەش لە لەشیا کەمتربێت ئەو زیاتر لە مەرگ نزیک ئەبێتەوە. ئەم نزیک بوونەوەیە بۆ ئەو مایەی دڵەراوکێیە. هەرئەمە وەهای کردوە ئەو نازانێ چۆن لە خوابترسێت. ترس لە ئاینی ئیسلامدا عەقڵی بەرە و ئیفلیجی بردوە. تۆقانە لە دۆزەخ موسڵمانی وەها لێکردوە هەموو شتێکات هەر بۆئەوەی بڕواتە بەهەشت. لە کاتێکا مرۆڤی بەهەشتی دەبێ مرۆڤێک بێت کە لە گەڵ خۆیدا لە ئاشتیدابێت.
زیاتر لە نیوسەدەیە باوکم لە سەر ئەم گۆی زەویە ئەژی. لە تەمەنیا نە رۆشتوەتە سینەما، سواری شەمەندەفەر نەبووە، ناتوانێ پاسکیل بهاژووی، هەرگیز بۆنی گرانبەهای پاریسی لە خۆی نەداوە، نازانێ بۆینباخ ببەستێ، نەچوەتە شانۆ، رقی لە شیعری ئازادە، بەردەوام گوێ لە رادیوئەگرێت. ئێوارەیەکی پایزانە بە جادەیەکی پاکا لە شارێ گەورەی وەک نیویورک پیاسەی نەکردوە. ئەو جارێک چوەتە ماڵی خوا و هەموو هەنگاوێکی ئەفسانەییانە ئەگێرێتەوە. ئەم هاوینە کە لە ڤییەنابووم حەزم ئەکرد لە گەڵمابوایە، پێکەوە لە قاوەخانەیەکا دابنیشتینایە هەندێ شیعری هۆڵدەرلینم بۆ بخوێندایەتەوە. پێکەوە سەردانێکی نەتەوە یەکگرتوەکانمان بکردایە. ئەو دڵخۆش ئەبوو ئەو باڵەخانە بەرزەی بدیایە کە هەموو جارێ لە رادیووە ناوەکەی ئەبیستێ.
کە دەنووسم هەستئەکەم ئیولۆجی، (مەرگنامەی) ئەو ئەنووسم. ئەو نەمردوە، هێشتاکە لەو سەرزەمینە دوورەی کە هەردەم لێمەوە نزیکە، لە کوردوستان، لە قەراخ رووبارێ لە بەردا لە تەنیشت سیروانەوە، بە کەمترین قسە رۆژەکانی تەمەنی بەسەر ئەبات. ئەو جوتیارە، پەیوەستە بە خاک و ئاژەڵەوە. سامۆئیل هینتنگتون لە کتێبێکا دەربارەی کۆمەڵگای ئیتالی دەڵێ هەموو خاوەن زەوی و زارێ لە هەرکوێیەکی ئەم دونیایەبێت کەسێکی پارێزەرە (کۆنزێرڤەتیڤ). ئەویش هەروەها دەیەوێ دونیا هێمن بێت بەڵام هەرگیز بیر لە گۆران ناکاتەوە.
کە دەڵێم مەرگنامە مەبەستم مەرگی دەسەڵاتە، مەرگی باوکێتی. ئەگەر باوکێتی دەسەڵات بێت ئەوا وەک هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی تر پێویستی بە ناوەندێک هەیە بۆ پیادەکردن، بەڵام ئەو ناوەندە لە نێوان من و ئەودا زۆر بڵاوە، گەلێک ووڵات و دەریا و زەریای لە نێواندایە، بۆیە ئەو دەسەڵاتە ئەوەندە لاوازە وەک ئەوەیە نەبێت. ساتەوختی ونبوونی دەسەڵات ساتەوەختی رووبەروو‌بوونەوەی خودە. ساتەوختێکە کە هەمووشتێ لە خۆتەوە دەستپێئەکات و لە خۆتدا کۆتایی دێت، ئەمە هەرچەندە ئازادیە بەڵام لە هەمانکاتدا پڕ لە دڵەراوکێ و بەرپرسیارێتیە. غوربەت ناسنامەیەکی تری دەوێ باوکێکی تری دەوێ، کە نامۆیە بە باوکی سروشتی. بەم بۆنەیەوە باوکم ناوی حوسەینە.